

گۆرانیبێژی لوبنانی نیللی مەقدسی بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئاوازێکی کوردی هەبێت لە روحم نزیک بێت دەیڵێم



***دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك لە گۆرانی گوتن دووركەوتووە ئێستا نیللی مەقدســی كچە گۆرانیبێژی لوبنانی دووبارە خۆی ئامــادە دەكات بۆ بڵاوكردنەوەی بەرهەمێكی نوێ و كلیپێكی تایبەت لە رۆژی ڤالانتاین.***

***وبەر لە بڵاوكردنەوەی بەرهەمە نوێیەكەی رایگەیاند كە ئەو بە هیچ شێوەیەك لە گۆرانی گوتن ناوەستێت و پێی وایە ئەم وەســتانەی زۆر پێویست بوو بۆ پێداچوونەوەیەكی خۆی، چونكە كاروانی هونەری وەستانی نییە،نیللی توانیویەتــی ســەركەوتنێكی بەرچاو بەدەســت بهێنێت لە شــێوازی گۆرانی گوتنــی كــە زیاتر لە بــەدەوی نزیكە و بە پێچەوانەی زۆربــەی هەرە زۆری كچە گۆرانبێژەكانی دیكەی لوبنانی كە گۆرانییان***

*** چ جۆرە شــێوازێكی گۆرانی و مۆســیقا زیاتر لەگەڵ تۆدا دەگونجێ؟**

- ئەو جۆرە مۆسیقایانەی كە زیاتر لە من نزیكن و لەگەڵ مندا دەگونجێن، شێوازی بەدو و ئەو گۆرانیانەیە كە بە گۆرانی سپی ناسراون.

*** تۆ ماوەیەك دوور كەوتی و ئێستاش بە ستایل و شێوازێكی نوێوە گەڕایتەوە، ئەم دوور گەوتنەوەیە چ سوودێكی پێ گەیاندی؟**

- مــن هیچ كاتێك لە گۆڕەپانی گۆرانی دوور نەكەوتووم، بەڵكو ئامادە كردنی گۆرانی و سازكردنی ئاهەنگ كاتێكی زۆری خۆمی بۆیان تەرخان كردبوو، هەروەها هیچ گۆڕانكارییەك لە شــێوازی گۆرانی گوتنی مندا رووی نەداوە، بەڵكو هەمە رەنگی لە گۆرانی گوتندا زۆر پێویســتە بۆ گۆرانیبێژ، چونكە جەماوەری خۆی هەیە.

*** خۆشەویستی بۆ تۆ چ دەگەیەنێ؟**

- خۆشەویســتی بریتییە لە هەموو شتێكی جوان لە ژیانی مرۆڤ و دەبێتە هاندەرێكی بەهێز بۆ پێشكەشكردنی كاری جوانتر.

*** كاریگەری باوكت بەســەر تۆوە چۆن بوو، ئایا هیچ رۆڵێكی هەبوو لە سەركەوتنی تۆدا؟**

- باوكــم خۆی هونەرمەندێكی كۆنە و پەیوەندییەكی بەهێزی هەیە لە ناوەندە هونەرییەكاندا بەشــێوەیەكی گشــتی، بێگومان پاڵپشــتی كردنی بەردەوامی لێم كاریگەرییەكی زۆری هەبوو لە سەركەوتنی مندا.

*** ئایا تۆ لە خۆت رازیی؟**

- لەبەر ئەوەی من تا ئێستا لە گۆڕەپانی هونەریدا بەردەوامم و خاوەن جەماوەرێكی زۆرم لــە لوبنان و دەرەوەی لوبنان و لە سەرتاســەری جیهان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت من ســەركەوتووم و لە خۆم رازیم، چونكە من زۆر ماندوو دەبم بۆ پێشكەشكردنی هەر كارێكی هونەری.

*** بە كێ دەگوترێت هونەرمەندی سەرنەكەوتوو؟**

- گۆرانیبێژی سەرنەكەوتوو( ئافرەت) ئەوەیە كە لە كاتی سەركەوتنی كارێكی

***بە شێوەزاری کەنداوی گۆرانی دەڵێن هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو هەمیشــە دژی ڕێڕەو مەلە دەکات و ئەو کەسانەی لە سەردەمێکدا دژایەتییان دەکرد لەبەر ئەوەی بە بەدەوی گۆرانی دەڵێت ئێســتا هەر خۆیان بە هەمان شـێوە گۆرانی دەڵێن.***

***نیللی لە شـێوازی خێرا و هێواش و ڕۆمانسـیدا توانیی بوونی خۆی بسـەلمێنێت، ماوەیەکــە لە ڕێگای باوکی کە بەڕێوەبـەری کارەکانیەتــی هەوڵماندا چەند پرسـیارێکی ئاراســتە بکەین، بەڵام لەبەر چەند بیانوویەك ئامادە نەبوون وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە و باوکی بە ڕاشکاوانە گوتی: پرسیارەکانتان لە پرسیاری سیاسییەوە نزیکن وەڵامدانەوەیان تا ڕادەیەك زەحمەتە، بەڵام بۆمان ڕوون کردەوە کە ب هیچ شێوەیەك پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نییە ئینجا لە ڕێگای فاکسەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.■***



هونەریـــدا یان لە گۆرانییەك، بـــەڵام دواتر دواتر خۆی ماندوو ناکات و لەسەر دەسکەوتەکانی ڕابردوودا دەژی.

*** ئایا ڕاســتە تــۆ لە کۆمپانیــا ڕۆتانــا جیابوویتەوە، و هۆکارەکانی ئەم جیابوونەوە چین؟**

- بەڵـــێ من لەســـەر داوای خـــۆم لە کۆمپانیـــای ڕۆتانا جیابوومەتەوە و کۆتاییم بە گرێبەستی نێوانماندا هێناوە، چونکە من خۆم بە گۆرانیبێژی هەموو خەڵك دادەنێم و پەیوەست بوون و بەستنەوە بە یەك کۆمپانیا گۆڕستانە بۆ هونەرمەند.

*** لێکچوونێك هەیە لە نێوان تۆ و ئەســتێرەی ســینەمایی جۆلیا ڕۆبێرتس ئایا تۆ تەقلیدی ئەو ناکەی؟**

- خەڵکیش وادەڵێن و ئەمەش یەکێکە لە نیعمەتەکانی خوا.

***تۆ بڕوات بە دۆســتایەتی نێــوان هونەرمەندان هەیە، ئایا پەیوەندیت لەگەڵ کامیان هەیە؟**

- گۆڕەپانـــی هونەری زۆر فراوانـــە، منیش ڕێز لە هەموو هونەرمەنـــدان دەگـــرم و هیوای ســـەرکەوتنیان بـــۆ دەخوازم، بەڵام ســـەرقاڵ بوونی بەردەوامم بە کارەکانـــم دەرفەتی ئەوەم پێنادات پەیوەندی زۆرم هەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر لە هونەرمەندان هاوڕێ و دۆستی منن.

*** ئایــا جوانـــی دەتوانـــی کەموکوڕییەکانـــی هونەرمەند بشارێتەوە؟**

- بێگومان نەخێر، چونکە جوانی ڕاســـتەقینە جوانی ناخ و ڕوحە و هەرچەندە هونەرمەندی ئافرەت جوان بێت ئەوا پێویستە خاوەن ڕەوشتێکی بەرز بێت و ڕاستگۆ و وەفادار بێت بۆ جەماوەر و دۆستەکانی بۆ ئەوەی بە تەواوی جوان بێت.

*** چی دەزانی دەربارەی گەلی کورد؟**

- گەلـــی کورد گەلێکی خەباتگێڕە و خـــاوەن کەرامەت و سەبەرزە و ژێر دەستی قبوڵ ناکات، ئەمەش یەکێکە لە جوانترین سیفەتەکانی مرۆڤ.

*** ئـــەی دەربـــارەی فەرهەنگ و کلتـــوری کوردی چی دەزانی؟**

- وەك گوتـــم کـــورد گەلێکـــی کۆنـــە و خـــاوەن کلتور و فەرهەنگێکـــی هونەری کۆن و جوانە و ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە کە کاریگەری بەسەر ڕوحی مرۆڤەوە هەیە.

*** هیچ دۆست و هاوڕێی کوردت هەیە؟**

-بەڵـــێ بێگومان، چونکە ژمارەیەکی زۆری کورد لە لوبنان هەن و زۆریان جەماوەر و هەواداری دەنگ و هونەری منن.

*** تۆ گۆرانی فۆلکلۆری تورکیت گوتووە، ئەگەر ئاوازێکی کوردیت دەستکەوێ و بە دڵت بێت ئامادەی بیڵێی؟**

- مۆسیقای زمانێکی جیهانییە و من جیاوازی لەنێوان کەس ناکەم و ئەگەر ئاوازە کوردییەکە بە دڵم بێت و هەســـتم کرد لە ڕوحم نزیکە ئامادەم بیڵێم.

*** ئایـــا هیچ گوێـــت لە گۆرانی یان مۆســـیقای کوردی گرتووە؟**

- بێگومان، چونکە من گوێ لە هەموو مۆسیقایەك دەگرم کە جوان بێت.

*** دوایین کاری هونەریت چییە؟**

- ئێستا خۆم ئامادە دەکەم بۆ ئامادە کردن و پێشکەشکردنی ئەلبوومێکی نـــوێ کە لە دە گۆرانی نـــوێ پێکدێت لەگەڵ تۆمارکردنـــی کلیپێکی نوێ کە بەبۆنـــەی ڕۆژی ڤالانتینەوە بڵاودەکرێتەوە.

*** هیوا و ئاواتەکانت چین؟**

- هیوادارم ئاشتی لە سەرتاســـەری جیهان بەرقەرار بی بۆ ئەوەی ئێمە هەســـت بە دڵنیایی بکەین و بە خۆشەویســـتی و خۆشی بژین نەك هەر لە جەنگ و ترسدا بین.

●●●

**کورد گەلێکی کۆنە و خاوەن کلتور و فەرهەنگێکی هونەری کۆن و جوانە و ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە کە کاریگەری بەسەر ڕوحی مرۆڤەوە هەیە**

●●●

●●●

**من گوێ لە هەموو مۆسیقایەک دەگرم کە جوان بێت بە مۆسیقای کوردیشەوە**

●●●

●●●

**من خۆم بە گۆرانیبێژی هەموو خەڵک دادەنێم و پەیوەست بوون و بەستنەوە بە یەک کۆمپانیا گۆڕستانە بۆ هونەرمەند**

●●●

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

# رامبۆ ٤ دووبارە (ستالۆنی)ی گەڕانەوە

کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە سیلڤستەر ستالۆنی بەشێکی نوێی فیلمی رامبۆ پێشکەش بکات، چونکە تەمەنی ئێستا لە سەرووی شەست ساڵییەوەیە و دوایین بەشی رامبۆ لە ساڵی ١٩٨٨ بەرهەمهاتووە و لەنێوان ئەم ماوەیەدا سینەما و فیلمەکانی ئەکشن گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە و ئەم بەشە نوێیە بڕی پەنجا ملیۆن دۆلاری تێچووە، هەروەها رووداوەکانی فیلمەکەش توندو تیژییەکی زۆریان تێدا بوو بە جۆرێك ستالۆنی اریگەیان کە ترسی زۆری گیان لە دەستدانی هەندێك لەو جێگرەوانە هەبوو کە لە هەندێك دیمەندا رۆڵی رامبۆیان بینیوە.

زۆر لە رۆژنامەکانی باسیان لە مەسەلەیەکی گرنگی ئەم فیلمە کرد ئەویش بەکارهێنانی دەرمانی وزە بەخشی جۆری (تیستۆستیرۆن) بۆ بەهێزکردنی و جوانتر کردنی ماسولکەکانی لەشی لەکاتی وێنەگرتنی دیمەنەکانی فیلمەکە، بەڵام ستالۆنی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (تایم)ی ئەمریکی بەرگری لە بەکارهێنانی دەرمانی وزە بەخش کرد، رامبۆ ٤ لە پاڵەوانیەتی و دەرهێنانی سیلڤستەر ستالۆنییە لەم بەشە نوێیەدا رامبۆ ژیانێکی هێمنانە و خۆش بەسەر دەبات لە تایلەند، کۆمەڵێك لە چالاکوانانی پاراستنی مافی مرۆڤ داوای لێدەکەن یارمەتییان بدات بۆ پەڕینەوە لە سنوور تاکو یارمەتی شۆڕشگێڕانی بۆرما بدەن، کاتێك لە سنوور دەپەڕنەوە حکومەتی بۆرما ئەندامانی رێکخراوەکە دەستگیر دەکەن، رامبۆ بڕیار دەدات واز لە ژیانی هێمنی خۆی بهێنێ و ببێتە رامبۆی جاران بۆ ئەوەی دەستگیراوەکان ئازاد بکات.






**جیاوازی رامبۆ٤ و بەشەکانی پێشوو**

رووداوەکانی رامبۆ لە ساڵی ١٩٨٢ بەرهەمهات بە سوود وەرگرتن لە چیرۆکی (خوێنی یەکەم) کە نووسەرەکەی دیڤید مۆریلە و بانگەشە بۆ ئەفسانەی رزگاری ئەمریکی دەکات کە کەس نییە بیبەزێنێ و وا نیشان دەدات کە تەنیا بە بەکارهێنانی هێز جیهان دەگۆڕێت و قوربانییەکان رزگار دەکرێن و رێنیشان دەدرێن بۆ ژیانێکی باشتر، ئەمجارەیان رامبۆ روو دەکاتە بۆرما بۆ رووبەرووبوونەوەی هێزێکی سەربازی کە پیشەیان کوشتنی خەڵکە.

زنجیرە فیلمەکانی رامبۆ سەرکەوتنێکی بازرگانی بەرچاویان بەدەستهێنا و بوونە هۆی دەرکەوتنی ناوبانگی ستالۆنی بەشێوەیەك خێرا و بەرفراوان لە سەرتاسەری جیهان لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆری یاریی منداڵان لە بازاڕەکاندا بڵاوکرانەوە بە هەمان ناو، زنجیرە فیلمەکانی رامبۆ لە سەردەمێکدا سەریانهەڵدا کە جیهان شپرزەیی پێوە دیار بوو و کێشەی فیکری و سیاسی رژیمە مەرکەزییەکان لەو پەڕی هەڵکشانی دابوو، دواتر وڵاتە مەرکەزییەکان روویان لە رووخان کرد و ئەم جۆرە فیلمانەش بەشدار بوون لە کێشەی ئەم وڵاتانە و بانگەشەی بۆ گرنگی بەشداری کردنی ئەمریکای دەکرد لەو وڵاتانە تا کار گەیشتە ئەو رادەیەی رۆناڵد ریگانی سەرۆکی کۆچ کردووی ئەمریکا لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی راگەیاندندا بێ ئەوەی مایکرۆفۆنەکەی دابخات بە یەکێك لە یاریدەدەرەکانی گوت: دەبێ خێرا بکەین بۆ ئەوەی بتوانین فیلمی رامبۆ ببینین، ئەو کات ئەم هەڵوێستەی ریگان

# ـــدەوە سینەما

بە پڕوپاگەندەیەكی بەهێز دانرا بۆ فیلمەكە.

هۆلیۆد هەمیشـــە یەكێك بووە لە پێگـــە بەهێزەكانی دروســـتكردن و گەیشـــتن بە خەونی گەورەی ئەمریكا بۆ بەدەســـتهێنانی باشترین ســـەرمایەداری لە جیهان و هەمیشە ئامرازێكی گرنگ بووە بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژووی سینەمای ئەمریكا بەگوێرەی دید و بۆچوونی رەســـمی ئەمریكا، بۆ نموونە لە جەنگی جیهانیدا دژی فاشـــیزم و نازییەكان دەبینین سینەمای ئەمریكی تێیدا سەركەوتنێكی بەرچاوی بەدەستهێنا و سوپای ئەمریكی بووبە فریادڕەســـی جیهان لە دەســـت هتلەر و فاشیەكان لە هەمان كاتدا تێبینی ئـــەوە دەكرێ كە ئەمریكییەكان هیچ شـــوێنێكیان بۆ ملیۆنەها قوربانی گەلانی جیهان نەكردۆتەوە و تا رادەیەك فەرامۆشی كردوون.

**رامبۆ و عێراق و هەڵبژاردنەكانی داهاتووی ئەمریكا**

لەم بەشـــەیدا جۆن رامبۆ خۆی لەوە دوورخستۆتەوە كـــە روو لـــە عێراق بكات بـــۆ ئەوەی ببێتە شـــوێنی بەرهەمهێنانی فیلمەكەی، سەرەڕای گەرمی رووداوەكان لە عێراق، سیلڤستەر ستالۆن خۆی لە چەند دیمانەیەكدا رایگەیاند: كە جورئەتی ئەوەی نەدەكرد فیلمێك بەرهەم بهێنێت كە رووداوەكانی لە عێراق بن و باس لە سەربازانی ئەمریكا و ئەو كێشـــە و گرفتانە بكات كە رووبەرووی دەبنەوە كە لە ئەنجامە هەڵە سیاسییەكانەوە دروست بوون كە پێدەچێت ببنە هۆی ئەوەی ســـەرۆكێكی دیموكراتی بهێنێتە كۆشـــكی سپی بۆ هێور كردنەوەی بارودۆخەكە، بەڵام تا ئێســـتا هۆلیۆد بەردەوامە لە پشتگیری كردنی سیاســـەتەكانی ئەمریكا، چونكە لەگەڵ نمایشكردنی فیلمی رامبۆ لە شاشەكانی سینەما، سیلڤستەر ستالۆنی لەسەر شاشەی كەناڵی فۆكس نیوز پشتگیری خۆی بۆ جۆن ماكینی پاڵێوراوی كۆماری بۆ پۆستی سەرۆكی داهاتووی ئەمریكا راگەیاند لێرەدا رامبۆ وەك لایەنگری كۆمارییەكان خۆی نیشـــان دەدات لە هەمان كاتدا ئەمە پڕوپاگەندەیەكـــی بۆ بەردەوام بوونـــی رامبۆ لە كاری خۆی ئەویش دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ كێشەكانی جیهان بەو شێوەیەی كە خۆی دەیەوێت، رەخنەگرانی سینەماش لە لایەن خۆیانەوە دەڵێن بەشـــی چوارەمی رامبۆ هیچ شـــتێكی نوێی تێدا نییە تەنیا دیمەنەكانی توندو تیژی نەبێت كە زۆر لە بەشەكانی پێشووتر توندترە و پێیان وایە سیاســـەتی ئەمریكاش لە جیهان وەك فیلمەكانی رامبۆ خەریكـــە بەرەوە پیری دەچێت و چۆن رامبۆ لەم بەشـــە نوێیەدا دەرمانی وزە بەخشی بەكارهێنا ئەویش بە هەمان شێوە پێویستی بە گۆڕانكاری هەیە.

سوود لە وتارێكی رۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت وەرگیراوە



## گرفت و كەتنەكانی بریتنی لە زیادبووندان

ئەســـتێرەی پۆپی ئەمریكی بریتنی سپێرز گرفتێكی زۆری لە یەكێك لە ســـوپەر ماركێتەكانی شـــاری لۆس ئەنجلۆسدا دروستكرد دوای ئەوەی كراسێكی لەبەر كرد كە نرخەكمەی ٢٠٠ دۆلار بوو بێ ئەوەی نرخەكەی بدات. لەم بارەیەوە رۆژنامەی (ســـەن)ی بەریتانی بڵاویكردەوە كە دوای رووداوەكە یاریدەدەران و پاسەوانە تایبەتییەكانی برێتنـــی كە ژمارەیـــان نزیكەی ٢٥ كـــەس دەبوو دواتر لەگەڵ پۆلیـــس و خەڵك و خاوەنی ســـوپەر ماركێتەكە بووە مشتومڕیان، لە هەمان كاتدا هەندێك لە هاوڕێیانی بریتنی كە لەگەڵیدا بوون بـــە دەزگاكانی راگەیاندنیان راگەیانـــد كەوا برێتنی بیـــری چوو پارەی كراسەكەی بدات بووە رووداوێكی ئاسایی بوو و پۆلیسیش برێتنی دەستگیر نەكرد.



## خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان مەڕاڵ تەکچی بۆ گوڵان:

# کار لەسەر بەرهەمهێنانی ئەلبومێکی سۆلۆ دەکەم



خانمە گۆرانیبێژی کورد مەڕاڵ تەکچی ساڵی ١٩٧٨ لەشاری ئیستانبوڵ هاتۆتە دنیاوە، بەڵام بە بنەچە دەگەڕێنەوە بۆ شاری بینگۆڵ (چەولیك). قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەئیستانبوڵ تەواوکردووە. لەساڵی ١٩٩١ توانیویەتی لەڕێی بەشی دانسی گەلەری لەکۆمەڵەی دیلان لەژێر چەتری (KAYY-DER)دا دەست بەکاری مۆزیك بکات.
لەساڵی ١٩٩٤ دا بۆ ماوەی دوو ساڵ وەك سۆلۆ- ڤۆکاڵ لەتیپی مۆزیکی دەنگی برایەتی کاریکردووە. لەساڵی ١٩٩٦ دا KAYY-DER ی بەجێهێشتووە و لەناوەندی کولتووری میزۆپۆتامیا (NCM) درێژەی بەکاری مۆزیك داوە. دوای دوو ساڵ لەژێر پرەسپێکتیڤی هەردوو مامۆستا ئۆگوز عەبدان و شاهین ساروهان وانەی ئارمۆنی، پیانۆ و شانی بینیوە.
خانمی تەکچی لەساڵی ١٩٩٧ دا لەگەڵ "کۆما چیا" پێوەندی گرێداوە و بۆ ماوەی ٣ ساڵ لەو تیپە کاری سۆلۆ- ڤۆکاڵ ی کردووە، دواتر هاتۆتە سەرتەختی شانۆ و ئامێری پیانۆی ژەنیوە. لەهەمان کاتدا کاری لەسەر ئەلبوومی (ڤەنامرە) کردووە کە تیپی چیا لەساڵی ١٩٩٩ دا دەریخستووە. لەدرێژەی کار و چالاکییەکانیدا لەگەڵ کۆمەڵەی چیا، دوو ساڵ لەگەڵ تیپی ئاسمین وێڕای کاری تایبەتی خۆی بەشێوەی سۆلۆ- ڤۆکاڵ، ماوەیەك ئامێری پیانۆ و پێرکوسیۆم-یشی ژەنیوە. لەساڵی ٢٠٠٠ یشدا خاتوو مەراڵ بەشداری لەپرۆژەیەك بەناوی (شاهیا سترانان) کە لەگەڵ هەموو مۆزیکژەنەکان ئامادەیان کردبوو، کرد. ئەو وەك ڤۆکاڵ بۆ هەردوو ئەلبومی (شاهیا سترانان ١-٢ ) کە لەگۆرانی میللی کوردی گواستراوەتەوە بۆ تورکی، کاریکردووە.
مەراڵ تەکچی، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٦ دا لەگەڵ گروپی مۆزیکی (ئاگری ژیان) کاریکردووە و لەساڵی ٢٠٠٦ دا ئەلبوومێکیان بەناوی (دە وەرە) بەرهەمهێناوە. پتر بەهۆی گۆرانی (لێ لێ وانێ) هەواداری بۆ خۆی پەیداکردووە. ئێستاش درێژە بەکارەکانی خۆی بۆ (شاهیا سترانان) دەدات. بەڵام ئێستا ئەو لەناوەندی کولتووری میزۆپۆتامیا و گروپی مۆزیکی ئاگری ژیان دابڕاوە و بەتەنها کاری مۆزیك ئەنجامدەدات و دەخوازێت لەماوەی داهاتوودا ئەلبوومێك دەربخات. مەراڵ دوو گۆرانی کلیب کردووە لەدەرهێنانی هونەرمەند حوسێن حەسەن و هۆنراوە و مۆزیکەکەشی فۆلکلۆرە و پێشتر لەلایەن هونەرمەند ئارامی تیگران تۆمارکراوە.
پێویستە بگوترێ، ئێستا خانمی تەکچی لەنێو پرۆژەی (ئاهەنگ)ی ژناندا ئامادەگی هەیە، کە لەلایەن ٣ ژنی چارکگەری سڤیل لەساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە.



**لەگەڵ گروپی مۆزیکی ئاگری ژیان توانیمان سەنتێزێکی مۆزیکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی پێشکەشی هەوادارانی مۆزیکی کوردی بکەن**

جگە لەمانەش ئێستا ناوبراو کار لەسەر بەرهەمهێنانی ئەلبومێکی سۆلۆ دەکات.

پێویستە بگوترێ، خانمی تەکچی لەگەڵ گروپی مۆزیکی ئاگری ژیان بەکاسێتی (ئاداری) دەستی پێکرد و بەئەلبوومی (هێلین) کۆتایی پێهێنا. مەڕاڵ پێی وایە لەڕێی ئەو گروپە خوێنگەرمەوە توانیمان سەنتێزێکی مۆزیکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی پێشکەشی هەوادارانی مۆزیکی کوردی بکەن. ئێستاش دەیانەوێ لەگەڵ هونەرمەندانی تورکیا و ناوچەکە بەکارە نوێکانیان بێینە لای یەکتری و دەرگایەکی نوێ بۆ مۆزیکی خۆیان بکەنەوە.

مەراڵ لەو بڕوایەدایە کە مۆزیکی کوردی پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە و لەئاستی مۆزیکی جیهانیدایە. هەروەك دەڵێ: "من لەڕوانگەی هەست و سۆزەوە بەتەنها ئەو قسەیە ناکەم، بەڵکو گەلێ هونەرمەندی دیکەی کورد و بیانی باسی ئەو هەقیقەتە دەکەن کە مۆزیکی کوردی بەتایبەتی لەباکوور و ڕۆژهەڵات هەنگاوی زۆر گەورەی هەڵگرتووە. لەبەرئەوە گەلی کورد هەبوونی خۆی لەجیهان سەلماندووە، بێگومان مۆزیکی ئەو گەلەش دەبێ لەنێو مۆزیکی جیهانیدا پانتاییەك دابگرێت".



**مۆزیکی کوردی پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە و لەئاستی مۆزیکی جیهانیدایە**

مەڕاڵ باسی ئەوە دەکات کە پێش ئێستا کاتێك دەچوونە لای خەڵك، بەخەیاڵشکاوی دەگەڕانەوە و لەو بڕوایەدابوون کە لەلایەن خەڵك بەرهەمەکانیان قەبووڵ ناکرێت، بەڵام دواتر خەڵك کاردانەوەی زۆر باشی بەرامبەر بەرهەکانیان نیشاندا و هونەرمەندی پرۆفیشناڵ دەرکەوتنە مەیدان. بۆیە دەڵێت: "ئێمە دەبێ هەوڵەکانمان چڕتر بکەینەوە، هەروەك دەبێ لەگەڵ هونەرمەندانی ناوچەکە و جیهان پێوەندیمان بەهێز بکەین. هەموو کەس دەتوانێ کاری هونەر بکات و هەموو کەس دەتوانێ گوزارە لەخۆی بکات، بەڵام شتی هەرە گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە هونەرێکی چۆن دەخوڵقێنێ و چ جۆرە داهێنانێك دەکات و بۆ کێ کار دەکات. ئێمە هونەری خۆمان لەچوارچێوەی تێکۆشانی ئازادیدا پێشدەخەین. ئێمە هێشتا لەبن کاریگەری ئەمەداین و دەخوازین لەپاشەڕۆژیشدا کاریگەری ئەمە بەردەوام بێت".

مەراڵ تەکچی لەدوماهی پەیڤەکانیدا هیوای خواست گەلی کورد لەباکووری کوردستان لەژێر کاریگەری ئاسمیلاسیۆن و هونەری ئەرابێسك دەربچێت و هەڵقولاوی ئێش و ئازارەکانی گەل بێت، نەك میل بەناوی جیاجیا لەخشتە ببرێ و مۆزیکی بیانی و تەقلیدی دەرخوارد بدرێ، هەروەك دەخوازێ هونەرمەندانی کورد بەئازادی و بەبێ سانسۆر کارە هونەرییەکانیان ئەنجامبدەن و پشتیوانی ماددی و مەعنەوی بکرێن.

# کاسۆلیکەکانی ئەمریکا هێرش دەکەنە سەر فیلمی

## The Golden Compass




مەسیحییە موحافزکارەکانی ئەمریکا هێرشێکی توندیان کردە سەر فیلمی (The Golden Compass) کە فیلمێکی نوێیە و زیاتر بۆ منداڵانە، و دەڵێن ئەم فیلمە منداڵان هان دەدات بۆ بێ باوەڕی و دوورکەوتنەوە لە ئایین.

هاوبەندی کاسۆلیکی کە خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرە داوای لە ئەمریکییەکان کرد لەم فیلمە دوور بکەونەوە و ڕێگا نەدەن منداڵەکانی سەیری ئەم فیلمە بکەن کە باس لە جەنگی کچێك دەکات لەگەڵ ڕێکخراوێکی ئایینی نهێنی،سەرۆکی هاوبەندی بیل دۆناهۆ گوتی: مەبەستیان لەم ڕێکخراوە نهێنییە کەنیسەی کاسۆلیکییە، ئەم فیلمە کە بڕی ١٨٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی تێچووە لە کتێبی یەکەم سێینەی (کەرەستە تۆخەکانی)ی نووسەر فیلیپ پۆلمان کە بیل دۆناهۆ پێی وایە مرۆڤێکی بێ باوەڕ و خوانەناسە،دۆناهۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە ئامانجی ئەم فیلمە لێدانی مەسیحییەت و هاندانی بێ باوەڕییە بۆیە پێویستە منداڵەکان سەیری نەکەن.

هاوبەندیی کاسۆلیکی لە بەیاننامەکەیدا ئەوەی روون کردەوە کە سەیر کردنی ئەم فیلمە وا لە منداڵان دەکات ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە هانی بێ باوەڕی دەدات و دژی مەسیحییەتە، هەروەها ئەو سێ ڕۆمانە کە فیلمەکەی لێ وەرگێراوە دژی هەموو بیرو باوەڕێکی ئایینییە نەك تەنیا دژی مەسیحییەت و لە هەر سێ بەشی ڕۆمانەکەدا بە ئاشکرا و بە توندی دژی بیروباوەڕەکانە، لە لایەن خۆیەوە کریس فیتز دەرهێنەری فیلمەکە گوتی: من هەوڵمداوە لایەنی ئایینی لە فیلمەکەدا کەم بکەمەوە و وەك ناوەڕۆکی کتێبەکە نەبێت بۆ ئەوەی هیچ گرفتێك دروست نەبێت، فیتز هەروەها گوتی: من پێموایە بۆ خەڵك مایەی شەرمەزارییە کە بڕیار لەسەر فیلمێك بدەن بەر لەوەی ناوەڕۆکی فیلمەکەیان بینی بێت، هێرش بکەنە سەر چیرۆکی فیلمەکە، بەرهەمهێنەرانی فیلمەکەی ڕایانگەیاند کە ئەم فیلمە بە هیچ شێوەیەك دژایەتی کردنی مەسیحییەتی تێدا نییە، پاڵەوانانی فیلمەکەش لە لایەن خۆیانەوە دەستیان بە هەڵمەتێك کرد بۆ ئەوەی ڕای گشتی جیهانی لە ڕاستی فیلمەکە ئاگادار بکەنەوە، نیکۆڵ کیدمان کە ڕۆڵی ئافرەتێکی شەڕانگێز دەبینێت بۆ تۆڕی هەواڵی (سی بی ئێس) گوتی: من فیلمەکە بەو شێوەیە نابینم، ڕەنگە هەندێك دیمەنی تێدا بێت کە پێویستی بە هەڵوەستەیەك هەبێت، بەڵام ئەگەر خەڵك دوای بینینی فیلمەکە بەو شێوەیە هەست بکەن ئەوا دەبێتە مایەی سەرسوڕمان بۆ هەموومان، دانییل جریجی پاڵەوانی فیلمەکەش گوتی: ئەو قسانە زیادەڕۆییان تێدایە و من دڵنیام زۆر کاریگەری بەسەر کەنیسەی کاسۆلیکەوە نابێت.

**زۆر لە دایک و باوکانمان ڕێگا نادەن کچان روو لە کاری هونەری بکەن، تەنانەت ڕێگای بەردەوام بوونیان لێدەگرن لە خوێندن و بە سادەیی دەڵێن با کچان لە تەمەنێکی زوودا شوو بکەن**